کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:42 28-7-2007

**دکتۆر، زریان خەم خۆری منداڵە نەخۆشەکانمان .... !!! باوکی خۆشناو**

چەند خۆشە روو لە شوێنێك دەكەیت ؛ بەرامبەرەكەت ڕێزت دەگرێت، گەر؛ كارەكەشت بۆ نەكات، خۆشحاڵی بەوەی ڕێزی گرتووی، زۆرجار گوی بیستی ئەوەبووین، کەسێك چۆتە فەرمانگەیەك یان لای بەرپرسێك و كاربەدەستێكی حكومەت، بەسەری زمانی وەڵامی داوەتەوە، یان بە فێڵ و درۆی كۆبوونەوە و سەردان و سەفەر و رابواردن وخواردنەوەو ...هتد خۆی شاردۆتەوە لە موراجیعەكانی، ، كێشەی ئێمە لەو وولاتە نقووم بووە لە گەندەڵیەدا ئیجگار زۆرە ؛ یەكێك لەو خەم و كێشە ناخۆشانەی كە رووبەرووی زۆرێك لە خێزانی كورد بۆتەوە ؛ بوونی منداڵی نەخۆش و ئیفلیج و .... هتد

لەلایەك دەروون و ناخی ئەوخێزانانە ؛ ئازاردەدات، لەلایەك یش خۆزگەی ئەوچاوگەشانە بۆ تەندروستیەكی باش ؛ سەرباری نەداری و هەژاری و نەبوونی توانای مادی ئەو خێزانانە ئەوەندەی تر ئەركەكەی قورس كردوە بۆیان ....................

بەڵام ؛ خۆش بەختانە ئەمرۆ لەسەر دەستی وەزیرێكی خەم خۆری وەك دكتۆر زریان ؛وەزیری تەندروستی. ئەو پەپولانە دەنێردرێنە دەرەوە ؛ هەرچەند ڕێژەكە كەمە ؛ بەڵام ئاسۆ و ئومێدێكی زۆری بۆ چارەسەركردن لای ئەو خێزانانە دروست كردووە ؛ ئەگەر بهاتایە وەزیرەكانی پێشووتری تەندروستی یش ؛ هەڵمەتێكی ئاوایان بكردایە ؛ ئێستا ڕێژەیەكی باش راوانەكرابوو بۆ عیلاج ... بە هەر حاڵ ئەمرۆ هەموو كوردێكی خاوەن ویژدان خۆشحاڵە بەوەی كەدەبینین ؛ دكتۆر زریان ی وەزیری تەندروستی.. مەردانە قۆڵی لی هە لمَاڵیوە و وەجبە.. دوای وەجبە راوانەی دەرەوەیان دەكات ؛؟؟؟

لەم رۆژانە، لەگەڵ منداڵێكی مامم كە نەخۆشی كون بوونی دڵی هەیە ؛ دوایی دەوامی رەسمی چوینە حزور ئەوزاتە مەزنە، لەوەزارەت ؛ بەراستی نەم زانی ئاوا خاكی وبەرێزە بەمانای كەلیمە پیاوە ؛؟ ئەوەندەی رێزگرتین ؛ شەرمەزاری كردین ؛ ئەوەی زۆر دڵی منی خۆش كرد ؛ كاتێك بەرێز دكتۆر زریان ؛ بە هەموو گەورەیی و بەخشندەیی و میهرەبانی خۆی ؛ جگەرگۆشە نەخۆشەكەی مامی ماچ كردو و دەستی پیرۆزی بەسەر داهێناو ووتی بەپێی توانا هەموویان دەنێرین بۆ دەرەوە بۆ چارەسەر ؛ وەبەرێزیان ووتی ... لە هەوڵی ئەوەداین بەهاوكاری سەرۆكی حكومەت و لایەنەپەیوەندی دارەكان ؛ لە هەولێر نەخۆشخانەیەك بكەینەوە بۆیان ؛ ووتم.. خۆزگە.. دكتۆر زریان، لەدوای راپەرین، وەزارەتی تەندروستی دوو وەزیری تری ؛ خەم خۆری وەك تۆی بەخۆوە دەدی ....

وەزیرێك ؛ ئامادەبێت ؛ دوای دەوام یش خەڵك ببینی وخزمەت بكات ؛ بەراستی نیشانەی خەمخۆری وهەست بە لێپسراویەتی كردن و خزمەت كردنە ؛ سەرەتا بەراستی زۆر ترسام هەر ئاوا بەسوك و سانایی و بە دوو قسەی خۆش بەرێمان كات ؛ بەڵاو بە پێچەوانەی لێكدانەوە سەقەتەكەی من، ئەوەندەی رێزگرتین خەجاڵەتی كردین ؛وە بەرێزیان ووتی تالێرەبم خزمەت كارم ؛ چونكە من هاتووم خزمەت بكەم ؛

كەهاتینەدەرەوە ووتم.. مامە.. بەخوا ناحەقیم نەبوو سەرەتا.. وام زانی ئەوەش هەروەكو بەرپرسەكانی ترە ؛ بەدڵشكاوی بەرێمان دەكات ؛ ووتی.. نا.. برازا ئەوە كوری پیاوانە و خۆی لی نەگۆراوە ؛ بە پارە و پلە و پایە و سەروەت و سامان ؛ ئەوە ببێتە سەرۆكی حكومەت ؛ یش هەر كورە سادەكەی جارانە ؛ ............

هەر سەركەوتووبی جەنابی دكتۆر زریان ؛ خەم خۆری منداڵە نەخۆشەكانمان ؛ كەوەك باوكێك هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دا دەكەیت ؛ نەكەی بەجێیان بێڵی و دڵیان برەنجێنی ؛ هیمەتی زیاترمان دەوێت ؛ نەكەی پشتیان لی بكەیت و فەرامۆشیان بكەیت ؛ دەزانی لەناوئەو هەموو گەندەڵی و بی سەرو وبەریەیی ئەمرۆی حكومەت دا ؛ تەنها تۆ شك دەبەین وەك فریاد ڕەسێك ئاوڕ لەو پەپولە هەست ناسكە نەخۆشانە بدەیتەوە و هیوای ژیانیان بۆ بگەرێنیتەوە دووبارە ............................ شادی و سەركەوتن بۆ جەنابتان بەرێز دكتۆر زریان ؛

سەربەرزی و كۆڵ نەدانیش بۆ كوردستان نێت .........................

27 7 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.